بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ٢٣ ) ساڵی ٢٠٠٩

## یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا

**بە پێی ئەو دەسەلأتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە ٢٦ / ١٠ / ٢٠٠٩ بریارماندا بە دەرکردنی:**

## یاسای ژمارە ( ١١ ) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا

**ماددەی یەکەم:**

ئەم وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە و هەموو کەل وپەل و ماف و ئیلتزامات و کاروباری کارمەندانیان دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بەپێی یاسا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات.

**یەکەم:** وەزارەتی مافی مرۆڤـــــ.

**دووەم:** وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

**سێیەم:** وەزارەتی ژینگە.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتی گواستنەوە و وەزارەتی گەیاندن لـە یەك وەزارەت لـێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن).

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەكان لە یەك وەزارەت لـێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی كشتوكاڵ و دەرامەتە ئاوییەكان).

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەتی رۆشنبیریی و وەزرش و لاوان لە یەك وەزارەت لـێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان).

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گەشت وگوزار لـەیەك وەزارەت لـێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار).

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی لە یەك وەزارەت لـێكدەدرێن بە ناوی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی).

**ماددەی حەوتەم:**

رێكخستن و هەیكەلی وەزارەتە لـێكدراوەكان بە یاسا رێكدەخرێنەوەو، كار دەكرێ بەو پێڕەو و رێنماییانەی كە لـە بارەیانەوە دەرچوون تا دەرچوونی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

كار بەهیچ دەقێكی یاسایی و بڕیارێك ناكرێت گەر لـەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسا ناكۆك بن.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لـەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکــی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٥ / گەلاڕێزان/ ٢٧٠٩ ی کوردی**

**٨/ ذالقعدة/ ١٤٣٠ ی کۆچی**

**٢٧ / تشرینی یەکەمی/ ٢٠٠٩ ی زایینی**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

بەمەبەستی ڕێکخستن و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.